# ئەرك و واجباتی هاوڵاتیان بەرامبەر بە لێپرسراوان لە ئیسلامدا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

حاجی ئومێد چروستانی

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ حقوق و واجبات ولاة الأمور على الأمة ﴾

« باللغة الكردية »

حاج أوميد جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئەرك و واجباتی هاوڵاتیان بەرامبەر بە لپێسراوان لە ئیسلامدا

سوپاس وستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی کە بەهەق وراستی تەواوی مەخلوقاتەکانی دروستکردوە، ولەناو هەمویشیاندا مرۆڤی کردووە بەسەرداری هەموویان، وئەرك وواجباتی خستوەتە گەردنیەوە، وە درود وصەڵات وسەلامیش بۆ سەر گەورە وسەرداری پێغەمبەران محمد المصطفى وئەهل وبەیت ویار ویاوەران وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت :

خۆشەویستان جارێکی تر هاتینەوە خزمەتتان بۆ پێشکەشکردنی ئەو بابەتەی کە ووتاری پێشوماندا بەڵێنمان پێدابوون ئەویش بابەتێکە لەسەر ئەرك و واجباتی هاوڵاتیان بەرامبەر لپێسراوان لە ئیسلامدا .

ابن الجماعة لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ( تحرير الأحكام فى تدبير أهل الإسلام ) ئەم بابەتە بە شێوەیەکی زۆر جوان ورێك وپێك باس دەکات وبەم شێوەیە ئەو ئەرك و واجباتانە دەخاتە ڕوو کە پێویستە هاوڵاتیان ئەنجامی بدەن بەرامبەر بە لێپسراوان، ئەویش بەو مەرجەی ئەگەر هاتوو لێپرسراوان ئەو سیفەتە جوان وناوازانەیان تێدا بوو کە لە ووتاری پێشوودا باسمان کردن :

**یەکەم :** گوێرایەڵی کردنی بە ئاشکرا وبەنهێنی لەوەی کە فەرمانی پێدەکات ولەوەشی کە قەدەغە ورێگری لێ دەکات، بەو مەرجەی کە سەرپێچی و نافەرمانی خوای گەورەی تێدا نەبێت، وەك خوای میهرەبان فەرموویەتی : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا

أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ {النساء :٥٩} واته : ئەی ئەوكەسانەی باوەڕتان هێناوە! گوێرایەڵیی فەرمانی خواو پەیامبەربن لەهەموو كاروبارێكدا، وە بۆ فەرمانی كاربەدەستان و كارسازانی خۆتان گوێرایەڵ بن، واتە: بەقسەی ئەو كاربەدەست و زانایانە بكەن، كە لەخۆتانبن. واتە: لەچوارچێوەی شەریعەتدا گوێرایەڵیان بن .

وە ئاشكرایشە وەك زانایان ئەڵێن مەبەست لە (وَأُولِي الْأَمْرِ) كاربەدەستان و زانایانە، واتە بەهەردوو لایەكیانەوە حوكمیووڵات دەكەن وبەڕێوەی دەبەن.

هەروەها پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : ( السمع والطاعة على المسلم فيما أحب وكره ما لم يؤمر بمعصية ) {أخرجه البخاري، كتاب الأحكام، باب السمع والطاعة للإمام ما لم تكن معصية رقم الحديث(٧١٤٤) ومسلم كتاب الإمارة، باب وجوب طاعة الأمراء في غير معصية وتحريمها في المعصية، رقم الحديث (١٨٣٩) من حديث ابن عمر} واته : گوێگرتن وگوێرایەڵیێ –كاربەدەستان- لەسەر مرۆڤی موسڵمان واجبە لەوەی پێی خۆشە و لەوەیشی پێی ناخۆشە بەمەرجێك ئەگەر تاوان و گوناهـ و سەرپێچی خوای گەورە نەبێت .

جا لەبەر ئەوە سەیری دەكەین كە پەروەردگار وپەیامبەرەكەی (صلی الله علیه وسلم) گوێرایەڵی لێپرسراوان وكاربەدەستانیان واجب كردووە لەسەر هاوڵاتیان وژێر دەستەكانیان، لەمەیش هیچ شتێكیان جیا نەكردۆتەوە ئەوە نەبێت ئەگەر هاتوو ئەو لێپرسراو و كاربەدەستانە فەرمانیان بە تاوان وسەرپێچی خوای گەورە كرد .

**دووەم :** ئامۆژگاری كردن وپێشكەشكردنی قسەی خێر بۆیان بە نهێنی و دوور لە تەشهیر و ئاشكرا كردن، بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : ( الدين النصيحة ) قالوا لمن ؟ قال : ( لله ورسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم ) {أخرجه مسلم، كتاب الإيمان، باب بيان أن الدين النصيحة، رقم الحديث(٥٥) من حديث التميم الداري} واته : ئاین ودین ئامۆژگاریە، ووتیان بۆ كێ ؟ فەرمووی : بۆ خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی و بۆ كاربەدەست ولێپرسراوی موسڵمانان وموسڵمانانیش بەگشتی .

**سێهەم :** سەرخستن ویارمەتیدانیان بە ئاشكرا و بەنهێنی، ئەمەش بە سەرف كردنی هەموو هەوڵ وتێكۆشانی خۆت لەم پێناوەدا، كە سەركەوتن وسەرفرازی موسڵمانانی بەدواوەیە، ورێگریشە لە دەستدرێژی دوژمنانی دین و ووڵات ..

**چوارەم :** ئەبێت گەورەی وشکۆی مافەکانەتی بزانێت و ئەوەیش بزانێت کەپێویستە لەسەری ڕێز وقەدەری پلە وپایەی لەدڵیدا بێت، بەوشێوە هەڵسو کەوت ومامەڵەی لەگەڵدا بکات کە شایستەی ئەو بێت و شایستەی ئەو پلە وپایە بێت کە خوای گەورە بۆی داناوە، هەر لەبەر ئەوە دەبینین کە زانایان ودانایان تا ئەو کاتەی کە کاربەدەست و لێپرسراوان لەبەرژەوەندی دین و گەلەکانیاندا بووبن ڕیز وحورمەتێکی گەورەیان گرتوون، وهەمیشە بەدەم داواکاریەکانیانەوە چوون، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زانایان زاهد و خواناس بوون وهیچ پێویستیەکیان بەوە نەبووە کە لە لای لێپرسراوانە وچاویان نەبڕی بووە تەماح ومالّی دونیایان، ئەمەش هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دین و گەل لە هێمنی وئەمن وئاسایشدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەیش ناچەسپێت ئەگەر ڕێز و حورمەت دوو لایەنە نەبێت لەنێو لێپرسراوان وکاربەدەستان لەلایەك و هاوڵاتی وگەل لەلاکەی تریەوە .

**پێنجەم :** بە ئاگا هێنانەوەی لەکاتی غەفڵەت وهۆشیارکردنەوەی لەکاتی بێ ئاگاییدا ئەمەش لەبەر خۆشەویستی ودڵسۆزی بۆی، لەسەروو هەموویەوە لەپێناو پاراستنی دین ودسەڵاتەکەیدا، نەوەك کەسانی هەلپەرست وچاوچنۆك لەکاتی بێ ئاگایی ئەواندا تەماح بکەنە سەر خاك و ووڵات ودین وژینی ئەو خەڵکە بخەنە مەترسیەوە ..

**شەشەم :** ئاگادارکردنەوەیان لە فێل و تەڵەکە و پیلانی دوژمنان، یان لە خراپی مەبەستی کەسانی بەخیل وحەسوود کە بیانەوێت ئازار بەخۆیان یان بە ووڵات وگەل ودەسەڵاتەکەی بگەیەنن، ئەمەیش یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی هاوڵاتی ورەعیەتی دەوڵەت بەرامبەر لێپرسراوان وکاربەدەستان، چونکە بە لەناوچوونی دەسەڵاتەکەی ئەوان بەرژەوەندی دین وژینی خەڵکیش ئەکەوێتە مەترسیەوە .

**حەوتەم :** چاودێرێکی دڵسۆز بێت بەسەر کارمەند و فەرمانبەر وئەو کەسانەی کە لەبەرژوەندی گشتی هاوڵاتیان کاردەکەن ( بەمانایەکی تر هەر کەم وکووڕتیەکی بینی لە ئەداکردنی دەسەڵاتی جێ بەجێکردنی حکومەت سەرۆکی دەوڵەتی لێپرسراوانی لێ ئاگادار بکاتەوە ) بۆ چارەسەرکردنی بۆ ئەوەی خراپە و گەندەڵیەکان لەسەریەك کەڵەکە نەبن وپاشتر چارەسەریان ئەستەم یان زۆر ناڕەحەت بێت، چونکە خراپ ئەداکردنی فەرمانبەران لە کارو ئەرکەکانیاندا زیانەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم هاوڵاتیان، بۆیە ئەرکە لەسەر تاکە تاکەی هاوڵاتیان لەکاتی بینی هەر کەم وکورتیەك لە ئەداکردنی حکومەتدا بەشێوەیەکی شیاو ودوور لە ناو زراندن سەروو تری لێ ئاگادار بکاتەوە ...

**هەشتەم :** یارمەتیدانی لێپرسراوان وهاوکاری کردنیان بە پێی توانا لەجێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکە گران وقورسەی کە کەوتوەتە سەر شانیان بۆهۆی سەرقاڵیان لەکار وبەڕێوەبردنی بەرژوەندیە گشتیەکانی گەل و وولات، چونکە ئەوان ناتوانن بەتەنها خۆیان بەو کارە هەڵبسن، خوای گەورەیش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) {المائدة :٢} واتە لەسەر چاکەو هاوکاری و کۆمەك و پارێزگاریی، یارمەتی یەکتربکەن، بەڵام بۆ گوناهـ وتاوان ودەستدرێژی ولەسنوور دەرچوون، هاوکاریی وکۆمەکی یەکتر مەکەن.

**نۆیەم :** هەوڵدان بۆ گێرانەوە ورازیکردنی ئەو دڵە تۆراوانەی کە زوویر بوون لێیان، بەهەر هۆیەکەوە بوو بێت، وکۆکردنەوەی خۆشەویستی خەڵك وهاوڵاتیان بۆیان، لەوەی کە بەرژەوەندی گشتی دین وگەل دەپارێزێت وکاروبارەکانیان یەکدەخات وئاڕاستەیان دەکات بەوەی کە خوای گەورە پێی ڕازیە وفەرمانی پێکردووە .

**دەیەم :** بەرگریکردن وداکۆکری گردن لێیان بە کار وکردەوە و زمان وماڵ و سەروەت وسامان، وتەنانەت بەگیانیش لەهەموو کاتێکدا ئەگەر زانرا دوژمنان وهێزی داگیرکەر مەبەستیانە هێرش بکەن سەر دەوڵەت وخاکی موسڵمانان، چونکە ئەکەر هاوڵاتی لەم کاتەدا بەم ئەرکەی هەڵنەسێت ئەوا پاشتر ودواتر دەبێت بە زەلیلی لەبەردەم ناحەزانی گەل وووڵاتدا چۆك دابدات و وە بە بەرچاوی هەموانەوە دەستدرێژی بکرێتە سەری وخراپتر لەوەیش دەبێت چاوەڕوانی سەربازانی دوژمن بکات کە تا دەچن چەقۆیەك دەهێنن و لەپشتی ملیانەوە وەك کارە کۆرپە سەریان ببرین ( وەك ئەوەی مێژوو باسی دەکات لەکاتی داگیرکردنی بەغداد لەلایەنی سوپای هۆلاکۆ وە ) جا بۆ ئەوەی کار نەگاتە ئەو کاتە پێویستە بەهەموو لایەکەوە هەیبەت و دەسەڵاتەکەمان بپارێزین وکەم کوورتیەکانی پڕ بکەینەوە وهەمیشە هەوڵی چاکسازی بدەین و نەهێڵین دەسەڵاتەکەمان ببێتە جێگای تەماحی ناحەزان وچاوچنۆکان، وەك ئەو جەستەیە وابین کە پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) لە بارەوە دەفەرموێت : "مثل المؤمنين فى توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد الواحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الأعضاء بالسهر والحمى{أخرجه البخاري، كتاب الأدب رقم الحديث (٦٠١١) وأحرجه مسلم، كتاب البر والصلة، رقم الحديث (٢٥٨٦)} واتە نموونەی باوەڕداران لە خۆشەویستی وسۆز ومیهرەبانیان لەنێو یەکتردا وەك نموونەی جەستە ولاشەیەك وایە کە هەر کاتێك ئەندامێکی ئازاری هەبێت، ئەوا هەموو ئەندامەکانی تریشی لەگەڵیدا تووشی ئێش وئازا دەبن وشەونوخونی بەدیاریەوە دەکێشن .

ئەمە بوو ئەرك وواجباتی هاوڵاتیان بەرامبەر لێپرسراو كاربەدەستانی موسڵمانان، بەم شێوەیەش هاتینە كۆتای ئەم بابەتەمان هیوادارین توانیبێتمان شتێكمان لەخەرمانی زانیاریتان زیاد كردبێت، وتابەیەك گەیشتنەوەیەكی تر ولەگەڵ بابەتیكی تر بەخوای گەورەتان دەسپێرم وخواتان لەگەڵ ومالْئاوا ...

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته